# ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ پێش ئەوەی بکەوێتە سوڕی مانگانەوە خێزانی تەڵاقی دا ئایا ئەم تەڵاقە دەکەوێت ؟

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**شێخ موحەممەد صاڵح المنجد**

**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2013 - 1435

IslamHouse.com

# طلقها زوجها قبل زمن الحيض بيوم أو يومين

# فهل يقع الطلاق ؟

« باللغة الكردية »

## الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1435

IslamHouse.com

## ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ پێش ئەوەی بکەوێتە سوڕی مانگانەوە خێزانی تەڵاقی دا ئایا ئەم تەڵاقە دەکەوێت ؟

**پرسیار** : ئایا تەڵاقێك پێش ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ لە سوڕی مانگانە تەڵاقی پێ دەکەوێت ؟

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەيت ويار وياوەرانی هەتا هەتايە .

تەڵاقی حەرام، ئەو تەڵاقەی کە زانایان لەبارەیەوە جیاوازیان کەوتوەتە نێوانەوە، کە ئایا دەکەوێت یان ناکەوێت، ئەو تەڵاقەیە کە ئافرەت لەکاتی سوڕی مانگانەدا بێت، ئەویش بەو شێوەیە دەبێت : کە پیاو ژنەکەی خۆی لەکاتی سوڕی مانگانەدا

تەڵاق بدات، واتا : لەکاتی هاتنە خوارەوەی خوێن لێی تەڵاقی بدات .

بەهەمان شێوە لە مەسئەلەی تەڵاقدا ڕەچاوی ئەوەش دەکرێت، دەبێت تەڵاق لەو پاکیەدا نەبێت کە پیاو چوو بێتە لای خێزانی، ئەگەر هاتوو پیاو ژنەکەی لەماوەی پاك بوونەوەدا تەڵاقدا، بەڵام لەماوەی ئەو پاك بوونەوەیەدا جووت بوون لەنێوانیاندا ڕووی دابێت، ئەوا ئەو تەڵاقە لەسەر مەزهەبی کۆمەڵێك لە زانایان بە تەڵاق دانانرێت .

کەواتە : ئەگەر هاتوو ئافرەتێك لە ماوەی پاك بوونەوەدا تەڵاقدرا، لەو ماوەیەشدا پیاو نەچووبویە لای خێزانی، ئەوا ئەصڵ وایە ئەو تەڵاقە کەوتووە، بەمەش ئەو ئافرەتە بە

تەڵاقدراو دادەنرێت، ئەگەر چی ئەو تەڵاقە پێش چەند خولەکێك لە کەوتنە سوڕی مانگانەی ئەو ئافرەتەش بێت .

بەڵام جمهوری زانایان وای دەبینن کە تەڵاق لەکاتی سوڕی مانگانەدا بێت، یان لەماوەی پاك بوونەوەشدا بێت و پیاو چووبێتە لای خێزانەکەشی هەر بە تەڵاقێکی کەوتوو دادەنرێت، و هەموو شوێنەوارەکانیشی لەسەر کەڵەکە دەبێت .

ئەوەشی کە لە پرسیارەکەی جەنابتانەوە بەدەردەکەوێت ئەوەیە، کە تۆ و پیاوەکەت مەسئەلەی تەڵاق بەسووك سەیری دەکەن، بگرە یاری و قەشمەریشی پێ دەکەن، جا بە مەبەست بێت یان بە بێ مەبەستیش بێت ، بۆیە دەبێت بزانن کە تەڵاق یەکێکە لە بڕیارە شەرعەیەکانی شەریعەتی خوای گەورە، و

یەکێکە لەو سنورانەشی کە خوای گەورە دیاری کردووە و نابێت

ببەزێنرێت .

لەم بارەیەشەوە ئەم فەرموودەیە هاتووە : عَنْ أَبِي مُوسَى رَضِيَ اللَّهُ

عَنْهُ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ –صلى الله عليه وسلم- : « مَا بَالُ أَقْوَامٍ يَلْعَبُونَ بِحُدُودِ اللَّهِ

طَلَّقْتُكِ رَاجَعْتُكِ طَلَّقْتُكِ رَاجَعْتُكِ » [ رواه البيهقي في سننه (15296) ،

وحسنه الألباني ] .

واتا : ئەبو موسای ئەشعەری (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە

و دەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم )

فەرموویەتی : حاڵی ئەو کەسانە چۆن بێت، کە یاری و

قەشمەری بە سنورەکانی خوای گەورە دەکەن و بە

خێزانەکانیان دەڵێن : تەڵاقم دایت، گەڕاندمیتەوە بۆلای خۆم، :

تەڵاقم دایت، گەڕاندمیتەوە بۆلای خۆم ( واتا تەڵاقی کردوەتە

یاری سەر زمانی و و بە هەوەسی خۆی گاڵتە و قەشمەری پێ دەكات ) .

هەروەها ئەم ڕیوایەتەیش هاتووە : عَنْ مُجَاهِدٍ قَالَ: « كُنْتُ عِنْدَ ابْنِ عَبَّاسٍ فَجَاءَهُ رَجُلٌ ، فَقَالَ: إِنَّهُ طَلَّقَ امْرَأَتَهُ ثَلَاثًا، قَالَ: فَسَكَتَ حَتَّى ظَنَنْتُ أَنَّهُ رَادُّهَا إِلَيْهِ ، ثُمَّ قَالَ: " يَنْطَلِقُ أَحَدُكُمْ ، فَيَرْكَبُ الْحُمُوقَةَ ، ثُمَّ يَقُولُ : يَا ابْنَ عَبَّاسٍ، يَا ابْنَ عَبَّاسٍ ؟! وَإِنَّ اللَّهَ قَالَ: ﴿ وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا ﴾ [الطلاق:2 ] ، وَإِنَّكَ لَمْ تَتَّقِ اللَّهَ، فَلَمْ أَجِدْ لَكَ مَخْرَجًا ؛ عَصَيْتَ رَبَّكَ ، وَبَانَتْ مِنْكَ امْرَأَتُكَ !! وَإِنَّ اللَّهَ قَالَ: ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ ﴾ [الطلاق: 1 ] فِي قُبُلِ عِدَّتِهِنَّ » [ رواه أبو داود في سننه (2197) وصححه الألباني ] .

واتا : موجاهید دەڵێت : لای عبدوڵڵای كوڕی عەباس بووم پیاوێك هات بۆلای و پێی ڕاگەیاند كەوا ژنەكەی سێ بە سێ تەڵاقداوە، موجاهید دەڵێت : عەبدوڵڵا بێ دەنگ بوو، تاوام

زانی كه ژنه‌كه‌ی گه‌ڕانده‌وه بۆلای، پاشان ووتی : یه‌كێك له‌

ئێوه ده‌رده‌په‌ڕێت وسواری بێ عه‌قڵی و حه‌ماقه‌تی خۆی

ده‌بێت، كابرا : ووتی : ئه‌ی ابن عباس ئه‌ی ابن عباس ؟ ! خوای

گه‌وره فه‌رموویه‌تی : ﴿ وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مَخْرَجًا ﴾ واتا :

هه‌ركه‌سێك له‌خوا بترسێت و ته‌قوای خوای هه‌بێت خوای گه‌وره

ده‌رووی لێ ده‌كاته‌وه، ابن عباسیش پێی ووت : تۆ له‌خوا

نه‌ترسایت، بۆیه منیش هیچ ڕیگایه‌كم بۆ تۆ شك نه‌برد، تۆ

سه‌رپێچی خوای په‌روه‌ردگارت كردووه، ژنه‌كه‌یشت به‌ ته‌واوی

لێت جیا بووه‌ته‌وه و ته‌واو ته‌ڵاقت كه‌وتوه، خوای گه‌وره‌ش

فه‌رموویه‌تی : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَطَلِّقُوهُنَّ ﴾ واتا : ئه‌ی

پێغه‌مبه‌ر ئه‌گه‌ر وویستان خێزانه‌كانتان ته‌ڵاق بده‌ن، ئه‌وه

ته‌ڵاقیان بده‌ن، واتا پێش ئه‌وه‌ی بكه‌ونه عیده‌ی خۆیانه‌وه .

ئامۆژگاری ئێمه‌یش له باره‌ی ته‌ڵاقه‌وه : ئه‌وه‌یه كه

بگەڕێنەوە بۆ دادگا شەرعیەکان ئەگەر ئەو دادگایانە بوونیان هەبوو، یان بگەڕێنەوە بۆ دەستە و لیژنەکانی فەتوادانی ئەو وڵاتانەی کە لێی دەژین، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری چۆنیەتی وێنە و شێوازی ئەو تەڵاقە بن کە پاشتر حوکمەکانی لەسەر بڕیار دەدرێت، کە ئایا ئەو تەڵاقەی کە جەنابت لەبارەیەوە پرسیارت کردووە کەوتوە یان نەکەوتووە .

خوای گەورەش زاناترە .

سەرچاوە : سایتی ئیسلام پرسیار و وەڵام .